# کوردستان وڵاتی پێکەوەژیان(هەڵەبجە)وەک نموونەیەکی گەش

سەفەر کەریم هاواری [١]

کاتی وەرگرتن: ٢٠٢٠/٠٤/١٠ کاتی قەبووڵکردن: ٢٠٢٠/٠٨/٠٢

**کورتە**

ئەم توێژینەوەیە چەند ئاڕاستەیەک دەخاتە ڕوو لە ڕووی مێژووییەوە، یەکێک لە دیارترین ئاڕاستە و ئامانجەکان خستنەڕووی گیانی پێکەوەژیانە لە گۆشەیەکی خودان مێژووی کوردستاندا کە ئەویش پارێزگای هەڵەبجەیە، وەک ئاشکرایە ئەم شارە یەکێکە لە شارە دێرینەکانی باشووری کوردستان، لە جیهاندا ناو و ناوبانگێکی گەورەی پەیداکرد بەتایبەت دوای ئەوەی لە لایەن ڕژێمی بەعسی حکومەتی عێراقەوە کیمیاباران کرا لە ١٩٨٨/٣/١٦دا، تاوانێکی مێژوویی بەرامبەر بە هاوڵاتیانی ئەم شارە ئەنجام درا، گەرچی ئەم شارە نموونەی شاری پێکەوەژیان و یەکتری پە سەندکردن بووە بە درێژایی مێژوو و هەتا دەگاتە ئەمڕۆ ئەم شانازییەی بۆ ماوەتەوە، بۆیە بە پێویستمان زانی ئەم ڕووەگەشەی ئەم شارە لەم توێژینە وەیەدا بخەینە ڕوو. لەناوەڕۆکی باسەکەدا دوو نموونە پیشان دراون، یەکێکیان(جوولەکەکان)ی هەڵەبجەیە، کە زیاتر لە حەفتا ساڵە لەو شارەدا نەماون، ئەوی دیکەیان (کاکەیی) یان (هاوار)ییەکانی هەڵەبجەیە کە تا ئێستا ژیانی ئاسایی خۆیان لەگەڵ موسوڵمانەکاندا بەسەر دەبەن بەبێ کێشەو گرفت. هەوڵمان داوە لە باسی(هاوار)ییەکاندا کەمێک زیاتر بوەستین و ئاوڕێکی خێرا بدەینەوە لە مێژوو و داب و نەریتی ئەم ناوچەیە، بیر و باوەڕو کلتوریان بخەینە ڕوو، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی هاوارییەکان ئاماژەی پێکراوە، لەگەڵ ناوهێنانی هەندێک لە شوێنە پیرۆزەکانی (هاوار و دەرەتوێ)، کە هەردوو گوند بە مەڵبەندێکی پیرۆزی یارسانیەکان دادەنرێن لای پەیڕەوانی ئاینی کاکەییەکان. شوێنە پیرۆزەکان لای یارسانییە کان بایەخێکی ئایینی زۆریان هەیە و بەردەوام لە هەوڵدان بۆ پاراستنی شوێنەوارەکانیان، چ وەک نۆژەنکردنەوەو خاوێنکردنەوەی شوێنەکان چ وەک پاراستنیان لە ڕووی مەعنەویەوە، بە نووسین و گرنگیپێدانی نووسەران و ڕۆشنبیرانی کاکەیی بە شوێنە پیرۆزەکانیان و دیکۆمێنتکردنی شوێنەوارە دێرینەکانی هاوار لە دام و دەزگا ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیریەکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستاندا.

**وشە سەرەکییەکان:** پێکەوەژیان، کوردستان، هاوار، هەورامان، کاکەیی، یارسان.

## Kurdistan is a land of coexistence with Halabja as an extraordinary example

Safar Kareim Hawari [2]

Recive data: 2020/04/10 Accpte data: 2020/08/02

**Abstract**

This research demonstrates aspects of the co-existence of different religions in a historical perspective in the Governorate of Halabja. This city is one of the ancient cities of southern Kurdistan; however the city later become renowned throughout the world after the chemical attack on the city by the Baath regime of the Iraqi government on the 16th March 1988; this was a despicable crime committed against civilians in the city.

Halabja, throughout history and until the present day, has always been an example of coexistence and tolerance; it is proud of this history so therefore, in this research, we endeavored to demonstrate the incomparable character of this city. This paper has illustrated two examples: one being the Jews who left the city in the past seventy years, the second example is the Kakaiys or Hawarians of Halabja, living in harmony with Muslims in Halabja without any problem until the present time.

We tried to focus on the Hawarian and shed some light on the tradition, history and beliefs of that region, also referring to the social structure of the Hawarians and their holy places of Hawar and Daratwe; these two villages are considered to be the holy places for the Yarsans. These places have a religious importance for Kakaiys and Yarsans; they constantly try to protect them in terms of renovation and cleaning. In addition they preserve the spirituality of these holy places with Kakaiy writers and intellectuals who are writing and documenting regarding these ancient places of Hawar in the media and cultural institutions in Kurdistan, as well as outside Kurdistan.

**Keyword:** Coexistence, Kurdistan, Hawar, Kakaiy, Yarsan.

## پێشەکی

مەبەست لە نووسینی ئەم بابەتە پیشاندانی ڕووی گەشی پێکەوەژیانە لە کوردستاندا، بەتایبەت لە دەڤەری هەڵەبجە و هەوراماندا، کە بە درێژایی مێژوو لانکەی بەشێکی زۆر لە ئایین و بیروباوەڕە جیاوازەکان بووە، (جوولەکەکان) لە سەدەکانی پێشودا لە کوردستان و بەتایبەت لە شاری هەڵەبجە ژیاون، ئایینی جیاوازیان هەبووە، سەرەتا بە شێوازێکی باش پێکەوە ژیاون، هاوارییەکان کە پێک دێن لە سێ گوند (هاوار، دەرەتوێ، هەورەکۆن)، لەسەر پەیرەوی ئایینی یارسانن، سەرەڕای ئەو هەموو گۆڕانکارییانەی بەسەر جیهان و ناوچەکەدا هاتوون، ئەم سێ گوندە گۆڕان بەسەر ئایینەکەیاندا نەهاتووە و وەک خۆیان ماونەتەوە، تا ڕادەیەکی زۆر لە هەموو ڕوویەکەوە کلتووری خۆیان پاراستووە.

سەرەتای ئەم بابەتە پێک دێت لە ئاماژەیەکی مێژوویی پێکەوەژیان لە جیهاندا، سروشتی ژیان وا خوڵقاوە کە چەندین جۆر و ڕەنگ و ڕەگەز و شێوەی بوونەوەرەکان نمایش بکرێن، هەرکەسەو شانازی بە ڕەنگ و ڕەگەزی خۆیەوە بکات، ئەمەش وای کردووە کێبڕکێ دروست بێت، پاش کێبڕکێکەش جەنگ و وێرانکاری بەشێکی زۆر لە جوگرافیا و مێژووی جیهان داگیر بکات، سەرئەنجام کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بۆی دەرکەوتووە کە ناچارە یەکتری پەسەند بکات و پێکەوە بژی، بۆ ئەم مەبەستەش ئەو کۆمەڵگە و ئایینانە سەرکەوتوو بوون لە جیهاندا کە گیانی پێکەوەژیانیان پاراست و پێکەوە توانییان لە جەنگ و ناکۆکیەکان دوور بکەونەوە.

مێژووی شاری هەڵەبجە و هەورامان بە گشتی مێژوویەکی گەشە و جێگەی شانازییە کە هەر لە دێرزەمانەوە توانیویەتی وەک شارێکی نموونەیی گیانی پێکەوەژیان بپارێزێت، بەتایبەت لەسەردەمی بوونی جوولەکەکان لە هەڵەبجەدا، بەڵام بە هۆکاری نێودەوڵەتی حکوومەتی عێراق جوولەکەکانی هەڵەبجەی دەرکردووە و ڕێگەی پێ نەداون لە عێراق و کوردستاندا بژین.

هاوکات (هاوارییەکان) بەتایبەتی لەم جیهانە بەرفراوانەدا لە سنوورێکی دیاریکراوی شاخاویدا هەر چواردەوریان موسڵمان بوون، بەڵام ئەم سێ گوندە توانییان بە ئایینی(یارسان)ی خوداپەرستی خۆیان بکەن و خۆیان لە کێشە و ململانێی ئایینییەکان بپارێزن، تا گەیشتنە قۆناغی ئەمڕۆ، گەرچی ئەم خۆپارستنە هەروا کارێکی ئاسان نەبووە، بەڵکو بە درێژایی مێژوو چەندین ئاستەنگی جۆراوجۆریان بۆ دروست بووە.

## ناوەڕۆک

لەو کاتەی خوای گەورە مرۆڤی هێناوەتە بوون (لە کاتی ئادەم) زمانی ئاخاوتنی وەک دیاری بەخشییە مرۆڤ، زانست هەردەم چرایەک بووە ڕێگای بۆ مرۆڤایەتی ڕۆشن کردۆتەوە، بەڵام جیاوازی هەیە لە نێوان مرۆڤێک ومرۆڤێکی تر و نەوە و نەسەڵێک لەگەڵ نەوە و نەسەڵێکی تردا، قۆناغ بە قۆناغ مرۆڤایەتی یەکدەنگ بوون لەسەر یەکتاپەرستی و باوەڕ و خوداناسی پاشان جیاوازی کەوتە نێوانیانەوە، بۆیە خودای مەزنیش پێغەمبەرانی نارد بۆ مەبەستی بانگهێشتکردنی مرۆڤ بۆ خوداناسی، هەر لەم ڕوانگەیەوە دیارە کە یەکێک لە ئەرکەکانی پێغەمبەرایەتی بانگەواز بۆ لای خودا و ئەنجامدانی کاری چاکەیە، ئەم قۆناغانەش هەزارانساڵیان ویستووە، تا کۆمەڵگەیان گەیاندووەتە ئەمڕۆ.

زۆر نەتەوە و میللەتانی سەر ڕووی ئەم زەوییە هەن لە ڕووی پێشکەوتن و تەکنۆلۆژیاوە لە لوتکەدان، گەلانی تریش هەن وەک کۆمەڵگە سەرەتاییەکان دەژین و پێشکەوتنیان بە خۆوە نەدیوە، بیر و باوەڕی جۆراوجۆر و سەرسوڕهێنەر هەیە لەسەر ڕووی ئەم زەویەدا، کە لە وانەیە نەچێتە عەقڵی مرۆڤەوە، بەتایبەت لە ڕووی پیرۆزی و پەرستنەوە، سەرەڕای ئەو هەموو گۆڕان و وەرچەرخانە لە مێژووی ئەمڕۆی مرۆڤایەتیدا، بەڵام ئەو بیر و باوەڕانە وەک خۆیان ماونەتەوە و پارێزگاریان لە بوونی خۆیان کردووە، گەرچی زۆرجاریش تووشی هەڕەشە و لەناوچوونیش بوونەوتەوە.

[1] – نووسەر و ڕۆژنامەوان

[2]- Writer and journalist

هۆز و گەل و نەتەوەکانی میوانی سەر ئەم هەسارەی زەوییە، بە درێژایی مێژوو هەر یەکەیان پابەندن بە ئایین و بیر و چوونی فەلسە فەی دینی خۆیانەوە، بە پێی توانا و سەردەم و گۆڕانکاریەکان پەیرەوی ئایینی خۆیان دەکەن و فەرمانەکانی خودای مەزن و پەیامبەران و پیاوچاکان بەجی دەهێنن، هەر کەسە و بەپێی کەشوهەوا و ئایینی خۆی، شێوازی پەرستنەکانی خودا و جێبەجێکردنی فەرمانەکانی لە ئایینێکەوە بۆ ئایینێکی تر دەگۆڕێت و جیاوازە، گەرچی دەتوانین بڵێین: تەنها لە ڕواڵەتدا لە یەک جیاوازن دەنا لە ناوەڕۆک و مەبەستدا هە ر یەکن و بەرەو یەک ئاڕاستە و ئامانج هەنگاو هەڵدەنێن!

نکوڵی لەوە ناکرێت کە(ئایین)لە هەموو کات و سەردەمێکدا بە خاڵێکی جیاواز دادەندرێت لە نێوان کۆمەڵانی سەر ڕووی زەویدا، لە ڕووی ئایینیەوە دەتواندرێت هەموو کۆمەڵگاکانی سەر ڕووی زەوی پۆلێن بکرێن، گیر و گرفتی ئایینی و مەزهەبیش لە دونیادا زیاد لە پێویست ڕووبەڕووی هەڵگرانی بیروباوەڕە جیاوازەکانی ئەم جیهانە بۆتەوە بە درێژایی مێژوو، چەندەها خوێنی لەسەر ڕژاوە، لە ڕاستیدا جێگەی داخە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەروەردە ناتەندروستە ئایینیەی کە لە لایەن دەستەیەک بە ناوی ئایینێکەوە، کە ناوەناوە لە ناو میللەتێکی دیاری کراودا لەسەر ڕووی زەوەی سەرهەڵدەدەن، بەپێی مەرام و مەبەستی تایبەتی خۆیان خەڵک ئاڕاستە دەکەن و نەوەی توندڕەوی شەڕخواز بەرهەم دەهێنن لە ئەنجامدا ڕەنگدانەوەیەکی خراپی دەبێت بۆ سەرتا سەری کۆمەڵگەی جیهانی و ڕک و ڕکابەریە تیش لە ناو ئایینەکاندا دروست دەکات و کۆمەڵ تووشی بێبڕوایی و دوور کەوتنەوە لە هەندێ ئایین دەکات، ئەمەش بێگومان لە بەرژەوە ندی هێزی شەڕە لە جیهاندا و زیانی گەورەش بە هێزی خەیر دەگەیێنێت.

مرۆڤ لە ڕوانگەی (ئیبن خەلدون)ەوە پاڵنەرێکی کۆمەڵایەتی هەیە و خۆڕسکانە بونەوەرێکی مەدەنییە، واتە پێویستی بە کۆبوونەوە هەیە، لەگەڵ دەووربەری و پێویستی بە ئاوەدانکردنەوە هەیە، هەر تاکێکیش پێویستی بەوانی تر هەیە بۆ بەرگریکردن لە یەکتر، کە ئە میش بە چەسپاندنی قۆناغ بە قۆناغی دیموکراسیەت و سازانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و برایەتی و ئاینییە، کەسێتیی مرۆڤ مۆرکێکی دینامیکی هەیە و لەگەڵ گۆڕاندا هەڵدەکات و مۆرکی شارستانی وەردەگرێت.

خۆشبەختانە کۆمەڵگەی کوردەواری، لە چاو کۆمەڵگەکانی تر ئەگەر بەراورد بکرێت، لە ڕووی کێشەی ئایینی و مەزهەبییەوە تا ڕادە یەکی باش ئاسودە بووە و دووربووە لە ململانێی ئایینی، گەرچی چەندین ئایین و ئایینزا لە خۆوە دەگرێت، باری ئایین لە کوردستاندا بە گشتی سەقامگیر بووە بە درێژای مێژوو ئێستا و داهاتووش، ئەگەر دوژمنان و حەسوودان فیتنە نەنێنەوە! هەر ڕووداوێکی نائاسایش لە ناو کوردستاندا ڕووی دابێت و کاریگەریی لەسەر ئایین کردبێت و بۆ ماوەیەکی کەم گرژی و ئاڵۆزی هەتا جەنگیشی دروست کردبێت، هە ر بە دەستکیسەی دوژمنان بووە و بە مەبەستی ڕامیاری و ئاژاوە نانەوە بووە و دەستکرد بووە نەک خۆرسک، بۆیە هەر زووش لەلایەن دڵسۆزانی هێزی خەیرەوە چارەسەری گونجاوی بۆ کراوە و نەهێڵراوە ئاگرەکە تەشەنە بکات.

ئەم کوردستانە لە هەزاران ساڵ لەمەوبەرەوە، مەڵبەندی زنجیرەیەک شارستانێتی لەنێوچووی وەک(گووتی و لولو و کاشی ونایری و سۆمەری و خۆری و مادی و میتانی یۆنانی و بابلی ومووسایی و عیسایی و ئیسلامی) بووە، بەشێکی کوردستان میزۆپۆتامیایە کە بێشکە ی شارستانێتی جیهانی بەنێوبانگە، بەپێی فەلسەفەی تازەی جیهان، لەبارەی فرەچەشنییەوە، چ فرەچەشنی (تەعەدودی) نەتەوەیی و ئایینی وئایینزایی و زمانەوانی و بیر و باوەڕی جیاوازەوە، یان فرەچەشنی ئایدیۆلۆجی سیاسی و مەرام و حیزبایەتییەوە. لە هەموو حاڵەتە کاندا دەبێت بیروبڕوای هەر گەل و توێژ و ئایین و حیزبێک وەکو خۆی وەربگیرێت و وەکو بڕوای پەیڕەوانی ئەو مەرامە بێتە قبوڵکردن و ڕێزلێگرتن، کەواتە مەرجی یەکەم و هەرەسەرەکی، یەکدی قبوڵکردنە، میکانیزمی ڕێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەبەر ڕۆشنایی قبووڵکردنی فرەچەشنەیی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا دێتە پێش.

ئاشکرایە زۆربەی دانیشتووانی کوردستان لە ڕووی بیروباوەڕی ئایینیەوە موسوڵمانن، ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی کە ڕێگەی خۆش کردووە بۆ پێکەوە ژیان و فرە ئایینی لە کوردستاندا، چونکە قورئانی پیرۆز زۆر بە ڕوونی باسی پێکەوەژیان دەکات و داوا لە موسوڵمانان دەکات پێکەوە بە برایی لەگەڵ خەڵکانی تردا بژین، بە تایبەت (ئەهلی کیتاب) دەبێت هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەمانەدا گونجاو

و لەبار بێت، سەرەڕای جیاوازی لە بیروباوەڕدا ئەمانە هەر لە بازنەی ئیمانداریدان لای پەروەردگار، بۆیە پێویستە لەسەر موسڵمانانیش بە ئاسوودەیی لەگەڵیاندا بژین.

لە ڕووی شارستانییەتی ئایینەوە کوردستان وڵاتێکی پڕ لە ئایین و مەزهەبی جیاواز و مەرقەد و نەزەرگە و پەرستگای جیاوازە، چەند ڕێبەری ئایینی و ڕۆحی گەورەی تێدا هەڵکەوتووە و ئێستاش پاشماوە و بیروبۆچونەکانیان و مەرقەدەکانیان هەر ماون و دەپارێزرێن و سە ر لەنوی نۆژەن دەکرێنەوە ئەگەر وەک نموونەیەک باشووری کوردستان وەربگرین دەبینین چەندین ئاین لەناو نەتەوەی کورددا بەرچاو دەکەوێت وەک(سوننە، شیعە، یەزیدی، مەسیحی، کاکەیی، شەبەک، سابیئی، مەندائی، جوو، زەردەشتی....هتد)جگە لە کۆمەڵێک ڕێگا و بیروبۆچونی ئاینی تر، هەر هەموو ئەم ئاینانە مەرقەد و نەزەرگە و پەرستگای تایبەت بە خۆیان هەبووە و هەیە، بەبێ ئەوەی کەس دەستدرێژی بکاتە سەر ئەوەی تر و لە ڕووی ئایینەوە هەستی بریندار بکات، (ئەگەر دیاردەیەک ڕوو بدات و ببێتە جێگەی نیگەرانی شوێنکەوتووانی ئایینێک لە کوردستاندا ئەوە کارێکی نەخوازراو و نەویستراوە لەلایەن هەردوو لاوە، لە دەرەوەی کوردستانەوە نەیارانی کورد کاریان بۆی کردووە).

لە ناو کوردستاندا پێکهاتەی ئایینی و نەتەوەی جیاواز هەیە، کە سەدان ساڵە لەسەر ئەو خاکە بەیەکەوە دەژین، بەڵام تا ئەندازەیەک داخراوی و دوورەپەرێزی لە نێوانیان جاروباریش نەخواستراو لەو شوینانەی کە دوو پێکهاتەی جیاوازی لێ دەژین لەبەر دەماگیری وتوندڕە وی ئایینی و بگرە نەشارەزایی ئایین و پەیامی سۆز و ڕەحمەتی خوایی یان شارەزا نەبوون لەهەست و بیروڕای یەکتری و بەدگومانی لە یە کتر و تێنەگەیشتن لە سوودی ئەو جۆراوجۆرییە بۆیە دیوارێکی ناڕاست و وەهمیی لە نێوانیاندا پەیداکردووە و پێویستە کار بکرێت بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و یەکترقبووڵکردن و قووڵکردنەوەی ئاشتی کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیانی برایانەی هەموو پێکهاتە جیاوازەکان لە پێناو دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی نموونەیی و مەدەنی دوور لە توند و تیژی.

بە درێژایی مێژوو و هەتا دەگاتە ئەمڕۆش ئەوانەی کاریگەرییان هەیە لەسەر ئەم کێشەیە لە کۆمەڵگای ئێمەدا پیاوی ئایینی و سە رۆک هۆز و کەسایەتی و ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەنووس و چالاکوانانی مەدەنی و سیاسین، ئەگەر توانرا ئەم چینانە بکرێن بە هاوکاری بۆ پرۆژەکە و کاری بۆ بکەن بێگومان ئەو کۆمەڵگە جوان و فرە ڕەنگ و پیکهاتەیە بە ئاشتی و دوور لە توندوتیژی ئایینی بەرێوە دەچێت و هەر ڕووداوێکی نەخواستراویش ئەگەر هاتە پێش لە بازنەیەکی تەسک و بەرێ و شوێنی سیاسی و کۆمەڵایەتی گەمارۆ دەدرێت و چارە سەر دەکرێت.

ئامانجی سەرەکیی ئەم بابەتەی بەندە بریتییە لە ناساندن و قوڵکردنەوەی چەمکی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان پێکهاتەکانی کوردستان، هاوکات ئایین بکرێتە فاکتەرێکی گرنگی یەکتر قبوڵکردن و سەقامگیری و قەڵاچۆکردنی بیری توند و تیژی.

کاکەییەکان وەک توێژێکی بەرچاوی کۆمەڵگەی کوردستانی دەرکەوتووە هەر لە دێرزەمانەوە، دابەشکردنی خاکی کوردستان پاش جەنگی جیهانی یەکەم، کاکەییەکان دابەش بوون و لێک داپچران بە هۆی ئەو سنوورە دەستکردانە، لە ڕۆژهەڵات بوونیان هەیە بە زۆری لە باکوور و لە باشوور بەزەقی دیارن لەناو کۆمەڵگەدا، هەروا لە وڵاتی شام بوونیان هەیە، پاش دابەشبوونی کوردستان بزووتنەوە ی ڕزگاریخوازی کورد دەستی پێکرد، وردە وردە هەستی نەتەوایەتی لە کوردستان جووڵایەوە و سەری هەڵدا، لە شۆڕشی شێخ مەحموودی نەمر و دەولەتی کوردستاندا کاکەیی ڕۆلی خۆی بینیوە. وەک بەرگری و پشتگیری و بەشداربوون لە حکوومەتی کوردستان، ئەگەر هە ندێ ئاماژە بە شۆڕشی شێخ ڕەزای دەرسیمی بکەین، ئەوا ئەو وەک سەرکردەیەکی کاکەییانی دەرسیم ڕۆڵی بینیوە لە بەرگری خاکی کوردستان و ئازادی گەلەکەی، دەربارەی کۆماری مەهاباد و سەرکردە پێشەوا قازی مەحەمەدیش کاکەییەکانی ڕۆژهەڵات بەشێک بوون لە کۆمەڵگای کوردەواری ڕۆژهەڵات وەک پشتگیریکردن ڕۆلیان هەبووە. تەنانەت تا ئێستاش بە ئاشکرا و بە نهێنی یادی ئەو شۆرشە دە کەنەوە لە ناوچە کاکەیی (یارسان) نشینەکان، بە کۆتاییهێنانی ڕژێمی پاشایەتی لە عێراق بە شۆرشی ١٤ ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٨ ز. جموجۆل و هەستی نەتەوایەتی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەرەی دەستاند. هەڵبەتە کاکەیی لەو بوارە بێبەش نەبووە، بە سەرهەڵدانی شۆڕشی ئە یلول لەو توێژە کوردستانییەی بێبەش نەبووە، چ لە بواری سیاسی یان بە بەشداریکردنی پێشمەرگە و بەرگریکردن، چەندەها قوربانی داوە

. پاش تەواوبوونی چوار ساڵی ڕێکەوتننامەی ١١ ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ ز ژمارەیەکی زۆر لە کاکەیی باشوور چوونە ڕێز شۆڕشەوە (قوتابی، مامۆستا، فەرمانبەر، ئەفسەر، سەرباز، پۆلیس، جوتیار، کرێکار و ...هتد)، پاش ڕێکەوتننامەی جەزائیر لە نێوان عێراق و ئێراندا، کۆتاییهێنانی ئیجباری چەکداری و شۆڕش، ژمارەیەکی زۆر کاکەیی ئاوارەی ئێران و وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا بوون. ژمارەیەکی زۆر گواسترانەوە بۆ خوارووی عێراق و لە ژێر فشاردا بوون، پاش ساڵی ١٩٧٥ز ڕژێمی عێراق دەستی دایە تەعریبکردن و داگیرکردنی زەوی و زار و دروستکردنی کۆمەڵگا بۆ عەرەبە هاوردەکان لە ناوچەکانی کاکەیی (بە تایبەت لە کەرکوک و داقوق و خانەقین و مەندلی). هەروەها لە هەشتاکان ژمارەیەکی زۆری گوندنشینەکانی دەڤەری (موسڵ) گواسترانەوە لە شوێنی خۆیان بە هۆی کوردبوونیان، ساڵی ٢٠٠٣ ز و رووخانی ڕژێمی عێراق، پرۆسەی ئازادی دەستی پێ کرد و بە سەدان گەنجی کاکەیی چوونە ڕێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە.

شوێنی ژیانی هاوارییەکان لە پارێزگای هەڵەبجەی باشووری کوردستانە، مێژووی ژیانی هاوارییەکان لە دەڤەری هەورامان و هەڵە بجەدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی ئایینی یارسان لەلایەن (سوڵتان ئیسحاقی بەرزنجە)ەوە، لە ناوەڕاستی شاری هەڵەبجەدا نەزەرگەی (پیر محمەد) بەدی دەکرێت، هەتا ئێستاش موسڵمان و کاکەییەکان بۆ مەبەستی جیاجیا سەردانی دەکەن بەتایبە ت ڕۆژانی(چوارشەممە و هەینی).

(پیرداود) یەکێکی ترە لە نەزەرگەکان کە دەکەوێتە نێوان گوندی هاوار و هەڵەبجە، ئەو شوێنەی ئەم پیرەی لێیە دەکەوێتە ناوچەیە ک پێی دەگوترێت(سەرکەن)، تەواوی خەڵکی ئەم گوندانەی دەوروپشتی جگە لە هاوار هەموویان موسڵمانن.

## هەڵەبجە سمبوولی پێکەوەژیان

– ئەوەی مەبەستی ئێمەیە تیشکی بخەینە سەر پێکەوەژیانی ئایینە جیاوازەکانە لە شاری هەڵەبجەدا، بزانین ژیانی پێکەوەیی و ڕاست و کلتووری ئایینی بە درێژایی مێژوو لەم ناوچەیەدا چۆن مامەڵەی لەگەڵدا کراوە؟

– ئایا ڕێبەرە ئایینیەکان  چۆن فەلسەفەی پێکەوە ژیانیان لە ناوەڕۆکی بیروباوەڕ و کتێبە پیرۆزەکانەوە گەیاندۆتە لای شوێنکەوتووان و پە یرەوکەران؟ ئایا لە کوردستان ئایین بووەتە ڕێگر لە بەردەم ژیانی پێکەوەییدا یان ڕێگەخۆشکەر بووە و تۆوی برایەتی چاندووە لەکوردستاندا؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەوە خستنەڕووی چەند پرسێکی گرنگتر، دەچینە شارە دڵگیرەکەی هەڵەبجە و بەهەڵدانەوەی لاپەڕەدێرین و نوێکانی مێژووی ئەم شارە خۆشبەختانە و بە شانازییەوە هەموو وەڵامەکانمان بەرچاو دەکەوێت کە جێگەی خۆشحاڵین، نەب ەس تە نها بۆ نەتەوەی کورد، بەڵکو نموونەیەکی ڕەنگین و دیمەنەکان وەک ئاوێنەیەک جوانییەکانی پێکەوەژیانمان لەم شارە دێرینەدا بۆ دە نوێنن.

شاری هەڵەبجە بەدووریی٧٥کم کەوتۆتە خوارووی ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانییەوە، تا کاتی کیمیابارانەکە ژمارەی دانیشتوانی زیاتر لە (٧٠٠٠٠)کەس بووە، (٧٢٦)م لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە و ڕووبەری خاکەکەی (١٥٢٣)کم، ئاووهەوای مامناوەندیە، بە ئاو و هەوای خۆش ناوبانگی دەرکردووە، هەڵەبجە لە دێرزەمانەوە مەڵبەندی ژیان بووە، بەڵام بە داخەوە بە درێژایی مێژوو چەندین جار وێران کراوە و دووبارە ئاوەدانکراوەتەوە، بۆ دواجار لەساڵی١٦٥٠دا ئاوەدان کراوەتەوە و گەشەی کردووە و بووە بەشار، بە هۆی ئەوەی کە ئاووهەوای خۆش بووە، خەڵکی ناوچەکانی تریش ڕوویان تێکردووە و تێیدا نیشتەجێ بوون، بۆیە چەندین بنەماڵەی تێدا بووە کە بە ڕەگەز (قەرە داغی، پێنجوێنی، مەریوانی، بانەیی، سلێمانەیی، سنەیی، جوانڕۆیی، پاوەیی، کامێرانی و بەرزنجی بوون). لەناو شاری هەڵەبجە و دە ووروبەریدا پاشماوەی کۆنی زۆر هەیە، کە مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ پاشماوەی لولوبی و زامواییەکان، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە هە ڵەبجە لە دێرزەمانەوە هەرهەبووە، بە هۆی ڕۆژگاری نالەبارەوە وێران و خاکەسار بووە، بەڵام چونکە ناوچەیەکی بەپیت و بەرەکەت بووە ئاوەدان کراوەتەوە، بۆ دواجاریش (سیازدەماڵە) بەردی بناغەی ئەم شارەیان داناوە.

شاری هەڵەبجە شارێکی کۆنی کوردستانە لە ساڵی١٧١٢دا مزگەوتی (جامعە)ی تێدا دروست کراوە، کە بووەتە مەڵبەندێکی گرنگ بۆ زانست و فێربوون، لە ساڵی١٨٨٩دا لەگەڵ (کوەیت) دەکرێتە قەزا و بەفەرمانی عوسمانییەکان (محموود پاشای جاف) کراوەتە قائیمقامی ئەو شارە، لەساڵی١٩٢٥-١٩٢٦یەکەم قوتابخانە لە هەڵەبجەدا کراوەتەوە کە بە ناوی (مەکتەبی پەڕۆ) ناسراوە.

## *جوولەکەکانی هەڵەبجە

لە دێرزەمانەوە شاری هەڵەبجە مەڵبەندێکی گرنگی ئایینی و ڕۆشنبیری و زانستی بووە ئەمەش هۆکارێکی دیارە تێپەڕینی کات پێکهاتە ی جیاوازجیاواز لە خۆ بگرێت لە ڕووی دانیشتوانەوە و بە پێی سەردەم گۆڕان بەسەر ژمارەی پێکهاتەکاندا بێت، بەڵام ئەوەی ئێستا لەبە رچاوانەوە مێژوو بۆی تۆمارکردووین هۆز و تیرەی دیار و ناوداری کوردستان پێکهاتەی هەڵەبجە پێکدەهێنن وەک عەشرەتەکانی (جاف، هۆزەکانی کاکەیی و ئەردەڵانییەکان و جولەکەکان)کە باسەکەی ئێمە زیاتر دیارە تایبەتە بە مێژووی پێکەوەژیان لەم شارەدا، بۆیە ئاماژە مان زیاتر بەم پێکهاتانەداوە.

جوولەکەکان لە شاری هەڵەبجەدا بەڕیزبەندیی دووەمین بنەماڵە دێن لە دروستکردن و ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجەی نوێدا. جوولە کەکان فێری زمانی کوردی بوون و لەناو خۆیاندا بە زمانی عیبری قسەیان کردووە، هەموویان کاسبکار بوون و لە ماڵ و سامان پە یداکردندا زۆر زحمەتکێش بوون، شارەزاییانە هەبووە لە کار و پیشەی جۆراوجۆردا، یارمەتیی هەژار و کەمدەستەکانی خۆیان داوە و نە یانهێشتووە کەسیان موحتاجی سواڵ ببێت.

جوولەکەکان لە شاری هەڵەبجەدا ئازادانە "سیناگۆگ" یان بۆ خۆیان دروست کردووە و تێیدا کاروباری ئایینی خۆیان بەڕێوە بردووە، ئەم سیناگۆگە تا ئێستا ماوە و کراوەتە مزگەوت، بە ناوی مزگەوتی(ئەحمەدی)، بۆنۆژەنکردنەوەی لەو سەردەمەدا (شێخی حیسامەدین نەقشبەندی) داری داوە بە جولەکەکان تا کلیساکەیانی پێ نۆژەن بکەنەوە، گەرچی هەندێک کەس پێیان ناخۆش بووە، بەڵام شێخی حسامەدین پێی گوتوون: ئەم سیناگۆگایە لە داهاتوودا دەبێتە مزگەوت، بە شێوەیەکی گشتی دانیشتوانی شاری هەڵەبجە لەو سەردەمە دا پەیوەندییان لەگەڵ جولەکەکاندا باش بووە. موسوڵمانەکان هەرگیز ژنیان نەداوە بە جوولەکەکان، بەڵام بە مەرجی موسوڵمانبوون ژنیان لێ خواستوون، کەسانی وایان تێدا هەبووە کە بە قاڵبی شیعری کلاسیکی شیعری بە زمانی کوردی نووسیوە، بەشداریی خۆشی وناخۆشیی یەکتریان کردووە، سێ جەژنیان هەبووە بەناوەکانی(جەژنی کەپرەشینە، جەژنەچەقالە وجەژنە کفتە) لای خۆیان ناوەکان جیاواز بوون، بەڵام لە زمانی کوردیدا بەرامبەر بەم وشانە دێن. بەڵگەی زۆر هەن بۆ ئەوەی پیشانمان بدەن کە پەیوەندیی خەڵکی هەڵە بجە لەگەڵ جوولەکەکاندا لەو سەردەمەدا بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی تری کوردستاندا زۆر باشتر بووە، (شاکر فەتاحی شەهید) لە ١٩٣٣/٨/١٦دا دێتە هەڵەبجەو زۆر شتی ئەو شارە وەک ڕۆشنبیرێک سەرەنجی ڕادەکێشێت یەک لەوانە دەڵێت (سێ ڕۆژ لە هەڵەبجە ماینەوە، جوولەکەکانی هەڵەبجە لە هیی سلێمانی سەربەسترن)، ئەمە خۆی لە خۆیدا بەراوردێکی ڕاستەقینەیە کە شاکر فەتاح لەو سە ردەمەدا گەواهی سەربەستی جوولەکانی هەڵەبجە لەچاو سلێمانیدا بۆمان دەخاتە ڕوو، ئەمەش جێگەی شانازییە بۆ مێژووی ئاشتییانە و پێکەوە ژیان لە شاری هەڵەبجەدا، لە ساڵی ١٩٤٨دا بە فەرمانی (ساڵح جەبر) جوولەکەکان ڕەگەزنامەیان لێ دەسەندرێتەوە و بەرە و ئیسرائیل کۆچیان پێ دەکرێت، هەرچی ماڵ و سامانیان دەبێت دیکەن بە پارە و لەبەغدا دەوڵەت لێیان زەوت دەکات و بە دەستی خاڵی دەیانە ئیسرائیل.

ئەوەی شایەنی باس بێت گەڕەکی جوولەکان تا ئێستاش لە شاری هەڵەبجە هەرماوە و خانو و شوێنەوار و هەندێک لە دیوارەکانی هە ر ماون، یەکێکە لەو گەڕەکانەی کە تاپۆیان هەیە، دەکرێت ئەوەش بڵێین هەر تەنها جوولەکە ڕووی لە هەڵەبجە نەکردووە، بەڵکو دۆم و خەڕاتەکانیش هاتوونەتە ئەم شارە و بە تێپەڕینی کات ئەمانیش بوونەتە خەڵکی ئەم شارە و هەڵەبجە لە ئامێزی خۆی گرتوون و نەیهێڵاوە چی دی شارە و شار بکەن، ئەمەش دیسان میهرەبانی دانیشتووانی ئەم شارە لەمێژینەی کوردانمان بۆ دەردەخات کە هەردەم شاری زانستخوازان و داڵدە و پەناگای لێقەوماوان بووە.

## مێژووی کاکەییەکانی هاوار

ئەگەر بمانەوێت هەر لێکۆڵینەوە و باسێک بنووسین لەسەر (کاکەییەکان)ی ناوچەی هاوار، ئەوا ناتوانین باسی (هەوارەکۆن و دەرەتوێ) نەکەین، چونکە ئەم سێ گوندە لە هەوراماندا ئایینی دێرینی خۆیان پاراستووە، نەچوونەتە سەر ڕێگا و ڕێبازی هیچ ئایینێکی تر، تا ئەندازەیەکی زۆر تێکەڵن لە هەموو ڕوویێکەوە، بۆیە ئەم بابەتەی ئێستاش هەرچی بڵێین: لەسەر کاکەییەکانی هاوار ئەوا بە ڕاستەخۆ بۆ (هەوارەکۆن و دەرتوێ)شە بەبێ جیاوازی،

چونکە هیچ خاڵێکی جیاواز لە نێوان ئەم سێ گوندەدا بەرچاو ناکەوێت، جگە لە چەند تایبەتمەندییەکی ئاسایی لە ئاخاوتن و سروشتی گوندێک بۆ گوندێکی دیکە.

(هاوار) گوندێکی گەورەیە بە دووری(١٢)کم، لە ڕۆژهەڵاتی شاری هەڵەبجەیە، (١٠٦٦)م لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە، شاخی(شنرویَ)لە نێوانیدایە، کە(٢٠٤٢)م بەرزە، ئەم گوندە دراوسێی خوارووی ڕۆژئاوای هەورامانە، لە خۆرهەڵاتیەوە شارۆچکەی تە وێڵە و بیارەیە، خەڵکی هاوار بۆ پێداویستی ژیان و بەڕێوەبردنی کاری فەرمی و ئیداریان هاتوچۆی ئەم سێ شوێنەیان کردووە، هاوار ناوچە یەکی هەتا بڵێیت: دڵگیر و خۆشە، تەواوی خەڵکی ئەم گوندە کاکەیین لەگەڵ هەر دوو گوندی (دەرەتویَ و هەوارەکۆندا)، سەبارەت بە ناو و مێژووی دروستبوونی گوندی هاوار خوالێخۆشبوو (فایەق براخاس هاواری) لە کتێبی (هاوار لەچەند دێڕێکدا) ڕایەکی زانستی زمانەوانی هەیەو دەڵێت: سەلماندن و گەڕان بەدوای ناوی (هاوار) زەحمەتە بزانرێت دروست لە چییەوە هاتووە. چونکە (هاوار) ئەگەر شی بکەیتە وە ناوێکی واتایی و فرەمانایە، بەڵام یەکێک لە چلتەن ناوی (هاوار) بووە، لە یەمەنەوە هاتووە، ئەو گوندە بەناوی ئەوەوە ناونراوە، ئەویش بە مەزەندەی من کێ یەژێت پێش ئەوەش هاوار هەر هاوار نەبووە. بەڵام هەر یەکێکی تر لە چلتەنە ناوی (شنرویَ) بووە بەوەدا کە شنرویَ هەیە بەو ناوەوە لەوانەیە هاواریش هەر ئەو بەڕێزە دروستی کردبێت، مێژووی چلتەن پێش مێژووی پردێوەر بووە.(گوندی هاوار١٩٧٥)

هاوارەکۆن هاوارە، لە تەسویە و تاپۆ سنوری مەرعەی هەوارەکۆن دیاری کراوە، نەک هاوار، تا ئێستاش موختاریان بۆ هەوارەکۆن دانە ناوە، چونکە ئەویَ هاوارە، بۆیە لە ڕەسمیاتدا بە یەک گوند ئەژمار کراوە.

بەپێی شەرفنامە لە زەمانی حوکمی ئەردەڵانییەکان (قەڵای نەوسود و قەڵای هاوار و قەڵای شەمێران)، (بێگە بەگ) کوڕی خان ئە حمەد فەرمانڕەوایی کردووە، ئەو سەردەمە ئەردەڵانییەکان هەموویان کاکەیی بوون، شوێن و پێگەی هاوار لەو کاتەدا زۆر گرنگ بووە، کە قەڵاکە چۆڵ بووە تاکە بەڵگەیەک نییە کە دەربیخات بە شەڕ چۆڵکرابێت، ئەگەر بەشەڕیش چۆڵکرابێت وەک کورد شەڕیان کردووە نەک وەک کاکەیی، کەوابوو سنووری هاوار بەم شێوەیە بووە، لە ڕۆژهەڵاتەوە (تەپی سورەهاڵەکە، قەڵای سایە قەڵا، شانی نەیجان، بە نەن، تەپی کەرە هەنجیرە لەلای خوارووە کەلی هەشوور، هەوارگەی خەجێ، دزەڕێ، کەنگە قووڵ، تاشی تاریکەڵێن، قەسقوانی ئە فراسیاب بەگ، تا دارە ڕەش) لە خۆراواوە (تەپی چادرگە، کەژی سۆفی ڕەشید بە هەموو پاڵێدا بۆ قەڵای زین و تاسەر ئاوی سیروان) ئەمە لە تاپۆی هاواردایە، لای سەرووی گوندی (دەرەتویَ)، کەوابوو هاوار و هەوارەکۆن یەک گوند بوون.

لە هاوار شوێنی مێژووی قەڵای هەوارەکۆنە– نەزرگەی (موبارەکشا) کە بە شاخوەشێنی لوڕستانی مشهوورە– نەزرگەی جاور کە یە کێک بووە لە دۆستەکانی (عەلی کوڕی ئەبی تالب)، (خەلیفە قەمبەر) کە ئەویش لە سەدەی یەکی کۆچی پاش نەمانی (عەلی)س لاوی خودای لێ بێت هاتوونەتە ئەو ناوچەیە، هەروەها نەزرگەی (شێخامۆش و میرئەسکەندەر) لەو گوندەیە و ئەوانەش لە سەدە کانی(١٢و١٣)ی کۆچیدا لەو ناوە بوون، بە کورتی کۆنترین گوندە لە هەوراماندا لەگەڵ گوندی (سازان) لەوانەیە یەک مێژوویان هەبێت، لە شەرەفنامەدا ئاماژە بەوە کراوە کە ئەوکاتە نزیکەی(٣٠٠٠)سێ هەزار ماڵێک بوویێت بەهۆی خیلافی سوننە و شیعە پەرتەوازە بووبن.

(ئاکۆ شاوەیس هاواری)لە کتیبی (هاوار خاکی پیرۆزی یارسان) لەلاپەڕە٥٢دا، سەبارەت بە مێژووی هاوار نووسیویەتی: شوێنەواری قەڵا و خانووەکان لە (ناوویَ) و (نۆمدەرە)و(سایەقەڵا)و(قەڵای هەوارکۆن)گرنگی ناوچەکەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە بۆ دەسەڵاتداران و فە رمانڕەواکانی هەورامان، بەپێی سروشتی ناوچەکە کە شاخاوییە، لە دێرزەمانەوە میرنشین و بەگ و سانەکانی هەورامان زیاتر لە ناوچەکە دا دەسەڵاتدار بوون، عەجەمەکانی وەک فارس و تورک و عەرەبەکان لە هەوراماندا نەیانتوانیوە زۆر بمێننەوە.

لە کتیبی (هاوار لە چەند دیڕێکدا) لە لاپەڕە (١١)دا خوالێخۆشبوو مامۆستا (ئارام نەجیب ئەمین) واقیعبینانە هەرسێ گوندی (هاوار، دەرەتویَ، هەوارەکۆن)ی بە یەک گوند لەقەڵەم داوە و نووسیویەتی: لە ڕووی زمانەوانییەوە وشەی هاوار لە دوو واژە پێک هاتووە (ها) واتە: ئەوەتا یان لەوێیە، ئامرازی ئاماژەکردنە (ئیشارە)، (وار)خوار، خوارەوە، بە شوێنی نزم دەگوترێت واتە هاوار - ئەوەتا لەخوار. هاوار: وشەیەکی گۆرانی(هەورامی)یە. دروستبوونی گوندی هاوار دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی ١٤ ی زایینی کە (پیر ئیسماعیل کەوە

ڵانی) دروستی کردووە. لە پێشەوە لە ناو دێ (ناویە) دروست بووە، دوایی گوێزراوەتەوە بۆ جێگای ئێستا، بەڵام هەوارە کۆن زۆر کۆنە، چونکە لە کاتی ئیشی ناو باخدا هەندێک ئاساری کۆن دۆزراوەتەوە هی زەمانی زەردەشت بوون، هەروەها ناوچەی شنروێ (تاریکەڵێن) پێش چەند هەزار ساڵێک ژیانی تێدا بووە، چونکە شوێنەواری باخ و گۆڕی زۆر کۆنی لێیە.

هاوار مەڵبەندێکی پیرۆزی ئایینی یارسانییەکانە، چەندین شوێن و نەزەرگەی ڕێبەرانی یارسانی لێیە، کە تا ئێستاش شوێنەوار و مەرقە دەکانیان ماوە و خەڵک لە ڕۆژانی چوارشەمە و هەینیدا سەردانیان دەکەن، ئەم شوێنە پیرۆزانە لە هاوار زۆرن وەک ( میر ئەسکەندەر، میری سوور، شاخوەشێن، شاهنشا، باسکی، قەڵاتێ، شنروێ، سەراودوودەرە،... هتد).

مامۆستا (ئارام نەجیب) دەربارەی گوندی هەوارەکۆن نووسیویەتی: هەوارەکۆن: نیشتمانی بەڕێز (کاک ئەحمەد) بووە کە یەکێک بووە لە یارەکانی (سان ئیسحاقی بەرزنجی) و ناسراوە بە (ئەحمەدی هاواری) و مەزارەکەیشی هەر لەوێیە، بەڵام هاوار لە درووستبوونیدا (وسین) بەشداری کردووە کە لە خزمەت (میر ئەسکەندەر)دا بووە، وشەی (وسکە) لە (وسین)ەوە وەرگیراوە. لە هاواردا دوو ئاشی ئاو هەبووە، یەکێکیان (ئاشی سەروو) کە تایبەت بووە بە تیرەی (پیر ئیسماعیل)، دووەم (ئاشی خواروو) کە تایبەت بووە بە تیرەی( وسین).

هەوارەکۆن یەکەم جار هەمووی موڵکی تیرەی (کاک ئەحمەد) بووە، هاواریش موڵکی دوو تیرەکەی تر بووە، بەڵام بەتێپەڕبوونی ڕۆژگار کڕین و فرۆشتن ڕووی داوە و هەندێک تێکەڵبوون درووست بووە.(وێنەی گوندی هەوراەکۆن٢٠١٩)

(دانیشتووانی هەوارەکۆن) هەموویان لە ناو دەچن و دەەفەوتێن ئیتر نازانم بە شەڕ یان بەهۆی نەخۆشی بووە، تەنها یەک ژن دەردەچێت ئەویش خەڵکی گوندی (دزاوەری) هەورامان دەبێت کە بە سەردان لە ماڵی باوکی دەبێت و سکی پڕ دەبێت و کوڕێکی دەبێت بە ناوی (ئەحمەد) لە لای خاڵۆکانی بە منداڵی فێری کڵاشکردن دەبێت کە تەمەنی دەبێت بەنزیکەی ١١ - ١٢ ساڵ ئینجا (کوێخا مستەفا) لە هاوار دەڕوات و ئەحمەد دەهێنێتەوە بۆ هاوار و پێی دەڵێت: هەوارە کۆن هەمووی موڵکی تۆیە ئەویش دەڵێت: من بەتەنها ناڕۆمەوە، لەبەر ئەوەی (چەمی دواوان) بە دیاری دەدەن بە ئەحمەد، ئینجا نەوەی لێ دەکەوێتەوە. لە دواییدا نەوەکانی هەوارە کۆنیان ئاوەدان کردۆتەوە. تاوەکو ئێستاش یەکێک لە تیرەی کوێخا لە هەوارەکۆن موڵکی نییە، بەڵام لە هاوار هەموو موڵکە سنوورییەکانی هاوار موڵکی ئەوانن وەک (سۆڵە، نۆمدەرە، گوێزی هەیاس، شنروێ، دۆڵەهەنجیر، ساهان)، لە بەینی ئەو سێ تیرەیەشدا هیچ ناخۆشییەک نەبووە تاکو دوای شۆڕشی ١٩٥٨/٧/١٤، بە هۆی هەندێک شیوعییەوە نەختێک دەماری تایفەگەری دروست بوو، شۆڕشی ئەیلوولیش لەو هۆیەوە بە دوور نەبوو تاکو ساڵی ١٩٧٤، چونکە ئیتر درزێک دروست بوو لە ی یەکێتیی نێوان دانیشتواندا، هیچ ڕووداوێکی گرنگ لە ناوچەی هاورامان و شارەزووردا بە بێ بەشداریی هاوارییەکان ڕووی نەداوە.

گوندی دەرەتوێ ناوەکەی لە زۆری ناوی (توو)ەوە هاتووە ئەویش وشەیەکی هەورامییە واتە(دۆڵی توو)، کاتی خۆی پێیان گوتووە (حەوتماڵە) پێ دەچێت ئەم ناوی حەوتماڵەیە پەیوەندیی بە پێشینەیەکی ئایینییەوە هەبێت، پێکهاتەی دانیشتووانی گوندی دەرەتوێ کە مێک جیاوازن لە ڕووی شێوەزارەوە، بەتایبەت زیاتر لە هاوار و هەوارەکۆن بەشێکیان زاری هەورامیان زانیوە، لە چەند بنەماڵەیکیشیاندا پەیڕەوی ئاینی ئیسلامیان کردووە، بەڵام بەبێ ئەوەی جیاکاری ئایینی هیچ کاریگەرییەک لەسەریان دروست بکات، سەرەڕای ئەو نزیکی و تێکەڵییەشیان لە یەکەوە، کەس باسی ئایینی کەسی نەکردووە و هەر دوو لاشیان زۆر ئاشنا بوون بە یەک وەک یەک خانەوادە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ یەک کردووە.

دەرەتوێش وەک هاوار چەندین شوێنی پیرۆزی یارسانییەکانی تێدایە، وەک (کەلی گاکوژە: کە پردێوەر لەم کەلەوە دەبینرێت، بێگومان پردێوەر کە نەزەرگەی (سوڵتان ئیسحاق)ی لێیە دەکەوێتە خاکی وڵاتی ئێرانەوە، هەموو کاتێک تەوافچییانی یارسان بۆیان نەکراوە بچنە پردێوەر، هەر بۆیە سەردانی کەلی شەڕی وەک ئەوە وابووە بچنە پردێوەر، هەر لێرەوە بۆیان هەبووە تەوافی پردێوەر بکەن، ئەوەش جۆرێک لە کارئاسانی و قەناعەتی بۆ دروست کردوون، کە تەوافیان قبووڵ کراوە.

**(زیارەتچییەکی ژن لە کەلی کاکوژە ڕووی لە پردێوەرە)**

لە گوندی دەرەتوێ شوێنی پیرۆزی تری لێیە وەک(شای هاڵەمێ، شاهی ئیبراهیم، نیشانکرد: ئەمە دەکەوێتە سەر ڕێگەی هاوار بۆ دە ڕەتوێ)، یەکێک لەمەرجەکانی چوون بۆ پردێوەر بە جۆرێک بووە، هەر زیارەتچییەک کە نیەتیەتی بچێت بۆ پردێوەر دەبێت لە گوندی دە رەتوێ سەردانی یەکێک لە(حەوت ماڵە) بکات، ئەوجا گونجاوە بچێت بۆ پردێوەر بۆ مەبەستی زیارەت، بیر و باوەڕەکە وا باو بووە لەناو یارسانییەکاندا لە سەردەمی پێش ڕاگواستنی گوندەکانی کوردستان.

هاوکات لە هەورامانی بەشی ئێرانیش گوندێکی دیکە هەیە بەناوی دەرەتفێ، (دارەتوش) وەک ناوی شوێن لە زۆرجێگەی کوردستاندا بوونی هەیە.

***پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی دانیشتووانی هاوار**

هەر سێ گوندی کاکەییەکان (هاوار- دەرەتوێ- هەوارەکۆن) لە سێ تیرە یان ڕاستر بە زاری خۆیان (هۆز) پێک دێن:

- یەکەم: هۆزی کوێخا:
- دووەم: هۆزی دۆمان:
- سێیەم: هۆزی وسکە:

هەریەکە لەم هۆزانە دەکرێت بڵێین: تایبەتمەندیی خۆیان هەیە لە ڕووی بەجێهێنانی ئەرکی ئاینیی (یارسان)دا، واتە هەر هۆزە و ئە رکێکی پێ سپێردراوە بۆ بەجێگەیاندنی کار و باری ئایینی خۆیان، لە ناو تاکەکانی هەر هۆزێکدا لەوانەیە جۆرێک لە وابەستەبوون بە هۆزی خۆیانەوە هەستی پێ بکرێت، گەرچی هیچ جیاوازییەک نابینرێت لە نێوان ئەم سێ هۆزەدا، بەڵام حاڵەتێکی سروشتی کۆمەڵایەتیشە لە ناو هەموو دەستە و کۆمەڵگە جیاوازەکاندا، جۆرێک لە کار و کردەوە و تایبەتمەندیی ژیانی ڕۆژانە بدرێتە پاڵ لایەنێکی دیاریکراو، هەندێک جار بۆ سەرزەنشتکردنێکی ئاسایی، هەندێک جاریش بۆ ستایش و پێداهەڵدان.

خوالێخۆشبوو مام (فایق براخاس هاواری) لە کتێبی (هاوار لە چەند دیرێکدا) سەبارەت بە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی هاوار نووسیویەتی (هاوار لەسێ تیرە پێکهاتووە: تایفەی خەلیفە ئیسمایل، تایفەی کاک ئەحمەد، تایفەی وسەینە)، بەڵام بە دەربازبوونی ڕۆژگار و بەهۆی ژن و ژنخوازییەوە ئێستە خەریکە وەک یەک تایفەیان لێ دێت، تێکلاوییەکی زۆر لە نێوانیاندا پەیدا بووە، کاتی خۆی تایفەکان هەر لە ناو بازنەی خۆیاندا ژن و ژنخوازییان دەکرد. دیاردەی ژن و ژنخوازی بەگشتی لەناو کاکەییەکاندا لە چەند بازنەیەکی ئاینیدایە و کەمێک سە ختی بۆ ژیانی کۆمەڵایەتییان دروست کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی هەرە زۆریان پەیڕەوی دەکەن، بەڵام ئەمەی لای کاکەییەکانی هاوار جیاواز بووە پەیوەندیی بە سروشتی خێڵایەتی خۆیانە بووە، کە لە داهاتوودا ئەو دەمارگیرییە خێڵایەتییە تەواو کاڵ بووەتەوە و نەماوە ، بەتایبەت پاش ڕاگواستنی گوندەکانیان بۆ هەڵەبجە لە ساڵی١٩٧٨دا.

***هاواریەکان لە ڕووی کۆمەڵایەتی و داب و نەریتەوە**

گوندی هاوار شانبەشانی هەردوو گوندی (دەرتوێ و هەوارەکۆن) لە ڕووی باری کۆمەڵایەتییەوە لەگەڵ خەڵکی هەوراماندا جیا ناکرێنە وە و وەکو یەک وان. کاکەییەکانی هەورامان پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوانیاندا هەیە بە جۆرێک خەڵکی ئەم سێ گوندە هەر هەموویان خزمی یەکترین و یەکتری دەناسن و زۆر بە دەنگی یەکدیەوەن، لە کاتی خۆشی و ناخۆشیدا، بە پێی ئامارەکان سەرجەم کاکەییەکانی هە ورامان نزیکەی (٦٥٠)خێزانن، کە لە پارێزگای هەڵەبجە و سلێمانی و هەولێر و دەرەوەی وڵات نیشتەجێن، کاکەییەکان ئێستاش پەیوە ندییەکی بتەو لە نێوانیاندا هەیە.

**هاواریەکان خاوەنی کەسایەتیەکی هێمن و لەسەرخۆن**

ئاشکرایە داب و نەریت بە پێی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ئاستی ڕۆشنبیری لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە گۆڕانی بەسەردا دێت، هۆکارە خودی و بابەتییەکان لەم گۆڕانکاریەدا ڕۆڵی بەرچاویان دەبێت، بۆ نموونە لە کۆندا خەڵکی ئەم ناوچانە کە مردوویان ناشتووە بە

شمشاڵ لێدان بردوویانە بۆ سەر گۆڕستان، لەوێش لەلایەن خاوەن مردووەکەوە نانی چەوریان بەسەر خەڵکدا دابەش کردووە، واتە ئەوانە ی لەگەڵ مەراسیمی ناشتنەکەدا ڕۆیشتوون بۆ سەر قەبران، پاشان حەوت ڕۆژ پرسەیان بۆ مردوو داناوە، لە ماوەی ئەو حەوت ڕۆژەدا کە س نەدەچووە سەر کار، هەموویان پرسەبار بوون، هەر لە کۆنەوە لەلایەن خەڵکی گوندەوە هاوکاری کۆکراوەتەوە بۆ ماڵی خاوەن مردوو، هەتا ئێستاش ئەم دیاردەیە لەناو کاکەییەکانی هاواردا ماوە و سندوقێکیان هەیە بەناوی(سنوقی کۆمەکی هاوار) کە پێشتر پیاوانی ڕیشسپی سەرپەرشتییان دەکرد، بەڵام لەساڵی(١٩٩٦)ەوە لەلایەن کۆمەڵێک مامۆستا و ڕۆشنبیری ناوچەکەوە سەرپەرشتی دەکرێت، ئەگەر لەناو خۆیاندا کێشەیەکی کۆمەڵایەتییان هەبێت، ئەوا بە زوترین کات هەوڵی چارەسەرکردنی دەدەن.

هەتا ئێستاش لەناو ڕەگەزنامە و باری شارستانی هاوارییەکاندا ئایینیان هەر (موسوڵمان) نووسراوە، لە کاتی نووسینەوەی دەستووری عێراقدا لە پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە کاکەییەکان خۆیان لە موسوڵمانەکان جیا نەکردووەتەوە، هاوارییەکان لە ڕابردوو و ئێستادا ژن هەرلای مەلای موسڵمان مارە دەبڕن، سەرەڕای ئەوەی مەراسیمی ئایینی مارەبڕینی تایبەت بەخۆیان هەیە.

هاوارییەکان ڕێزێکی تەواو لە مانگی ڕەمەزان دەگرن و لەو مانگەدا چایخانەکانیان دادەخەن، زۆربەی ژن و کچەکانیان لە مانگی ڕەمەزاندا کە دێنە ناو بازاڕ سەرپۆش دەدەن بە سەریاندا، پیاوان هەرگیز لەو مانگە پیرۆزەدا جگەرە ناکێشن، هیچ خواردن و خواردنەوەیە ک لە پێش چاوی موسوڵمانەکان ناخۆن، پەیڕەوکردنی ئەم حاڵەتە کۆمەڵایەتییە ئاسان و ئاساییانە وای کردووە جۆرێک لە ڕێز و خۆشە ویستی هاوبەش دروست بێت لە نێوان هاوارییەکان و موسوڵمانەکاندا، کە سەرئەنجام بووتە مایەی پێکەوەژیانێکی برایانە و ئاشتییانە.

هاوارییەکان لەگەڵ موسڵمانەکان جەژنی ڕەمەزان و قوربان دەکەن، سەرەڕای ئەوەی ڕۆژووی ڕەمەزان ناگرن، بەڵام وەک موسڵمانەکان سەردانی یەکتری دەکەن و پیرۆزبایی ئەم جەژنانە لە خۆیان و لە موسوڵمانان دەکەن، ئەگەر لە پێش جەژنەوە کەسێکیان لێ مردبێت وەک (نۆجەژن) سەردانی ماڵە مردووەکە دەکەن و دووبارە سەرخۆشی لە خاوەن مردووەکە دەکەن.

کچان و ژنانی هاوار بە درێژایی مێژوو شانبەشانی پیاوان کاریان کردووە، تا ڕادەیەکی زۆر ئازادن لە هەڵبژاردنی هاوسەردا، ئەو حاڵە تە ناسروشتییانەی کە لەناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا سەبارەت بە هاوسەرگیری بوونیان هەبووە، وەک (ژن بە ژن، دوو ژنە، گەورە بە بچووک، بە زۆر کچ بەشوودان...هتد) زۆر دوورن لە خەڵکی هاوارەوە، ئەگەریش هەبن زۆر دەگمەن و کاتین.

بابەتی ژن و ژنخوازی لە نێوان موسوڵمان و هاوارییەکاندا کەمە، بوونیشی هەیە وەک چەند حاڵەتێک دەتوانین بڵێین: زیاتر موسوڵمانە کان ژنیان لێ دەخوازن، زۆر جاریش ئەو ژنانە دەبنە موسوڵمان گەرچی کاکەییەکان ئەم حاڵەتەیان پێ خۆش نییە، بەڵام ڕێگیرییەکی ئەوتۆشی لێ ناکەن، دەکەوێتە سەر خانەوادەکە.

## ئەنجام

لەم توێژینەوەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کە مێژووی یەکترپەسەندکردن و پێکەوەژیان لە کوردستاندا مێژوویەکی دێرین و پڕ لە شانازییە، لاپەڕەی هەر گۆشەیەکی ئەم کوردستانە هەڵدەیتەوە هەست بە پێکەوەژیانێکی ئاشتییانە دەکەیت لەم وڵاتەدا، بەڵام بەداخەوە پاش پە یدابوونی هەندێک گروپ و تاقمی جیاجیا ئەم پێکەوەژیانە دەکەوێتە بەر مەترسی، سەرەتا جوولەکەکان لە کوردستان و عێراق بەگشتی لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە بە شێوازێکی زۆر نامرۆڤانە دەردەکرێن و دەست بەسەر موڵک و ماڵیاندا دەگیرێت، ئەو زێرەش پێیانە لێیان دەستێنن و بەبێ هیچ شتێک ڕەوانەی دەرەوەی عێراقیان دەکەن، ئەمە دەبێتە سەرەتایەک کە مەترسی بۆ پێکەوەژیان دروست دەکات.

بە سەرهەڵدانی هەندێک گروپ و حزبی جیاجیا لە کوردستان جیاوازیی زۆر دروست بوو لە ناو پێکهاتەکاندا، بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر نەیانتوانی کار لە پێکەوەژیان بکەن، بەشانازییەوە دەڵێین تا ئێستاش پێکەوە ژیان لە کوردستاندا لە دۆخێکی جێگیر و باشدایە، بەتایبەت لەو ناوچانەی زیاتر لە دوو ئایین یان تا سێ ئایین و زیاتریش لەخۆدەگرن.

پارێزگای هەڵەبجە وەک نموونەیەکی جوان و گەش دەبینرێت کە بەدرێژایی مێژوو ئەم گیانی پێکەوەژیانەی پاراستووە، نموونەی زیندوومان ئەم چەند ساڵانەی دواییە سەرەڕای دروسبوونی هەندێک حزبی ئیسلامی لە ناوچەکەدا و هەندێک گرووپی دەمارگیر و

توندڕەو، بەڵام خۆشبەختانە پێکەوەژیان لە شاری هەڵەبجە لە ئاستێکی بەرزو جواندایە، کاکەییەکانی هەڵەبجە لەگەڵ موسوڵمانەکان پێکەوە ژیانێکی ئاسایی بەسەر دەبەن دوور لە هەر دەستێوەردانێکی کاروباری یەکتری، هەتا هەست بریندارکردنیش نابینرێت، پێچەوانە ی هەندێک وڵاتی تر کە ئەندامی ئایینە جیاوازەکان هێرش دەکەنە سەر یەکتری و هەوڵی لەناوبردنی یەکتری دەدەن.

هاوارییەکان لە پارێزگای هەڵەبجەدا تا ئێستا توانیویانە ئایین و کولتوور و دابونەریتی خۆیان بپارێزن، وەک ئەوەی کە خۆیان دەیانە وێت مەراسیمی ئایینی خۆیان بەجێ دەهێنن و کەس ڕێگیریان لێ ناکات، لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە تێکەڵی تەواویان هەیە لەگەڵ موسوڵمانەکاندا، ساڵانێکی زۆرە بەبێ کێشە پێکەوە دەژین، بەشداری خۆشی و ناخۆشی یەکتری دەکەن.

## سەرچاوەکان:


- کۆنفراسی پێکەوەژیانی ڕێکخراوی باڵیۆز و سەروەری یاسا-هەڵەبجەی شەهید-٢٠١٣.
- فاروق، کەمال. (٢٠١٣). لەپەراوێزی کەسێتیدا-خوێندنەوەیەکی سایکۆسۆلۆژی ڕەفتار، دەزگای موکریان، هەولێر، ل٢٢.
- کاکەیی، فەلەکەدین. (٢٠١٠). بێداری ،بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ل ١٩٢.
- شاوەیس هاواری، ئاکۆ. ().هاوار خاکی پیرۆزی یارسان، ...، ل ١٥٢.
- براخاس، فایق؛ نەجیب، ئارام؛ قوربانی، قوباد. (٢٠٠٣). هاوار لەچەند دێڕێکدا، ...
- کتێبی(هاوار لەچەند دێڕێکدا) نووسینی (فایق براخاس، ئارام نەجیب، قوباد قوربانی)٢٠٠٣.
- مەلا ساڵح، حەکیم. (٢٠٠٤). هەڵەبجە لە ئامێزی مێژوودا، بەرگی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر،ل ١٠.
- گۆڤاری هەڵەبجە ژمارە٣-٤ساڵی١٩٩٩لە پێناو نووسینەوەی سەروەریەکانی هەڵەبجەدا- ڕەوەند هەڵەبجەیی.